یەکێتی سەرخەشی لە حکومەت و گەلی روسیا دەکات

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئیدانەی هێرشە تیرۆرستییەکەی مەسکۆ دەکات و وتەبێژەکەشی رایدەگەیەنێت: "دژی هەر کارێکی توندوتیژین و سەرخەشی لە حکومەت و گەلی روسیا و کەسوکاری قوربانیان دەکەین".

سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت: "بە توندی ئیدانەی هێرشە تیرۆریستییەکەی مەسکۆ دەکەین، کە تێیدا ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکیش بریندار بوون، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژی هەر کارێکی توندوتیژە، دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی لە هەرشوێنێک ئەنجامبدرێت".

"بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەتەنگی خەمان دەردەبڕین و سەرخەشی لە حکومەت و گەلی روسیا و کەسوکاری قوربانیان دەکەین"، وتەبێژەکەی یەکێتی وادەڵێت.